# گەندەڵی بۆ؟

**{بەشی یەکەم }**



**ئا : رزگارسەعید**

**گەندەڵی** ئەو ووشەجیهانیەبەربڵاوەیەکەلەڕوی واتاوە پێناسەیەکی لەخۆ نەگرتوەو بەڵکوبەپێی پێگەو کۆمەڵگەجیاوازەکان واتاو لێکدانەوەی جیاوازی بۆ کراوەودەکرێت ، بەواتەگشتیەکەی گەندەڵی { دەرچون و لادانەلەیاسا } نەخوێندنەوەی ئەو یاسایەیەکەبۆ هەمو تاکێکی کۆمەڵگە پێویستەپەیرەو بکرێت بەڵام زۆر جار هەمان یاسا گروپێک بەکاری دەهێنێت بۆ بەرژەوەندی سیاسی یان ئابوری یان کۆمەڵایەتی تا مەرامی خۆی پێ بهێنێتە دی.

لەڕوی یاسای نێودەوڵەتیەوە بەتایبەت { ڕێکخراوی شەفافیەتی دەولی} بەم جۆرەپێناسەی گەندەڵی دەکات و دەڵێت { هەر لێپرسراوێک تواناودەسەڵاتی کارەکەی بەکارهێنا لەپێناو بەرژەوەندی خۆی و گروپەکەی ئەوەگەندەڵە} و کارەکەشی زیانێکی گەورەلەبەرژەوەندیەگشتیەکانی کۆمەڵگەدەدات.

## دەکرێت شێوەکانی گەندەڵی بەم جۆرەی خوارەوەدەستنیشان بکەین :

- بەرتیل (Bribery) : دەستکەوتنی بڕێک پارەیان هەر سودێک لەپێناو جێبەجێکردنی کارێک کەلەبنچینەدا ئەنجامدانی ئەو کارەنایاسایی بێت .
- حسابگەری (Nepotism) : جێبەجێکردنی کارێک لەبەرژەوەندی کەسێک یان ئەو شوێنەی کەکارەکەی بۆ دەکات وەک ( پارت ، خێزان ، ناوچە...تاد) بەبێ ئەوەی مافی وەرگرتنی ئەو کارەیان هەبێت .
- فافۆریزم (Favoritism): زاڵکردنی خزمەتی لایەنێک بەسەر لایەنێکی تردا .
- واستە((Wasta: دەستخستنەناو کاری دەوڵەت لەپێناو بەرژەوەندیدا ، ئیدی ئەو بەرژەوەندیەلەپێناوی کەسێک یان گروپێک بێت بێ ئەوەی بنچینەکانی کاروتوانای پێویستی خستبێتەکار ، وەک دامەزراندنی کەسێک لەلایەن پارتێکەوەبەبێ ئەوەی ئەوکەسەهیچ توانایەکی ئەو شوێنەی هەبێت .
- دزینی پارەی گشتی : دەستخستنی پارەی دەوڵەت و بەکارهێنانێتی بەشێوەیەکی نادروست و لەژێر ناوی جیاواز جیاوازدا.
- مەیلی ڕەش (Black mailins): دەستکەوتنی بڕێک پارەیەلەجێگەیەکی دیاریکراوی کۆمەڵگەوەبەرانبەر بەجێبەجێکردنی کارێک کەوەزیفەکەی بەکاردەهێنێت بۆ ئەو کارە.

## دەرکەوتنی دیاردەکانی گەندەڵی!

فاکتەر زۆرە بۆ بڵاوبونەوەی گەندەڵی لەناو کۆمەڵگەدا ،هەرچەندەلەناو کۆمەڵگەجیاوازەکاندا شێوەیەکی لێکچون دەردەکەوێت ،بەڵام دەکرێت بوترێت { دیاردەیەکی ڕەوشتی ئینسانەکەنەگەتیفانەبۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاری دەهێنێت } و فاکتەرەکانی ئەم دیاردەیە دەتوانرێت لە 12 خاڵدا کۆیان بکەینەوە:

1- بڵاوبونەوەی هەژاری ونەزانین و کەمی مەعریفی بۆ تاکی کۆمەڵ ،هەڵسەنگاندنی تاک لەسەر بنچینەی خێزانی و خزمایەتی.
2- پەیڕەونەکردنی پرەنسیپەکانی هاوسەنگی ڕێکخستنی هەرسێ دەسەڵاتی ( تەنفیزی و تەشریعی و قەزایی) وزاڵکردنی دەسەڵاتی تەنفیزی بەسەر تەشریعیدا کە وادەکات پرەنسیپی چاودێریکردنی بەرانبەر بەیەکدی نەمێنێت،جگەلەوەی ئەو پەیڕەونەکردنەدەبێتەهۆی لاوازبوونی دەزگای قەزایی ولەدەستدانی سەربەخۆیی خۆی، بەواتایەکی دیئەم گوزارشتەباشترین فاکتەرەبۆ پشتگیریکردن لەگەندەڵی ودرێژبوونەوەو بەردەوام بوونی.
3- لاوازیی دەزگای چاودێری ونەبوونی سەربەستی کارکردنی لەدەوڵەتدا.
4- فرسەتی گەندەڵی لەوکاتانەدا زیاتر دەبێت کەگۆڕانکاری لەسیستەمی بەڕێوەبردن یان سیاسی یان ئابوری یان کۆمەلایەتی یان دروست نەبوونی دەزگاکانی دەوڵەت لەڕوی یاساییەوەڕودەدات، ئیدی ئەوکاتەهیچ دەزگایەک نابێت بۆ چاودێریکردن گەر هەشبێت ئەکتیڤ نیەوەک پێویست.
5- لاوازیی و نەبونی ئیرادەی سەرکردەسیاسیەکان بۆ نەهێشتنی گەندەڵی،بێئیرادەیی وادەکات هیچ هەنگاوێکی پاراستن وبەرگری نەنرێت بۆ لەناوبردنی .
6- لاوازی و بێهێزی و کۆنترۆڵکردنی زۆرێک لەدەزگا حکومیەکان لەلایەن تاک یان دەستەیەکەوە،وادەکات مونافەسەهەبێت بۆ دەستکەوتنی پلەیەکی بەرزتر تا لەوێوەبتوانێت مومارەسەی واستەو بەرتیل بکات.
7- کەمی بڕی موچەلەکەرتی گشتی وبەرزبوونەوەی ئاستی بژێوی ژیان یارمەتیدەرەبۆ بەرتیل وەرگرتن .
8- نائامادەیبونی یاساکانی کاروئیجرائاتەپێویستەکان لەکەرتەگشتی و ئەهلیەکاندا، کەبواردەرەخسێنێت بۆ گەندەڵیبوون .
9- نائامادەیبوونی سەربەخۆیی ڕاگەیاندن و نەگەشتنی زانیاریەپێویستیەکان و بڵاوبونەوەیان
10-لاوازی ڕۆڵی دەزگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کەڕۆڵیان هەیەلەچاودێریکردنی وەزارەتەکان و ئەدای حکومەت.
11-نائامادەیی ڕێکخراووجێبەجێنەکردنی ئەویاسایانەی کەدژ بەگەندەڵین ،لەڕاستیدا دەبێت هێزێک بن ئابلوقەبخەنەسەرحکومەت بۆ کاری ڕیفۆرم و چاکسازی .
12-فاکتەری دەرەکی،لەئەنجامی بەرژەوەندی نێوان بازرگانانی دەرەوەلەگەڵ ناوەوەدروست دەبێت ، ئەو بەرژەوەندیەزۆرجار لەکۆمپانیاش دەردەچێت و روکارێکی حکومی وەردەگرێت،ئیدی ئەوکاتەوەزارەتەکەش بەخۆیەوەگرێ دەدات.

## شێوازەکانی گەندەڵی:

ناکرێت لەباسێکدا تەنها شێوازیک یان شێوەیەک دەستنیشان بکرێت وببێتەپێناسەبۆ هەموو شێوەکانی گەندەڵی چونکەشێوازی گەندەڵی دەگۆڕێت و جیاوازەبەجیاوازی ئەو شوێن و کەسەی مومارەسەی دەکات بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی لەوانەش دەستکەوتنی بڕێک پارەیان پلەیەکی سیاسی یان پلەیەکی کۆمەلایەتی ،دەکرێت تاکێکی کۆمەڵ کاری گەندەڵی بکات لەپێناو بەرژەوەندی تایبەتی خۆیدا کەسێکی گەندەڵ بێت،ئەمەیان دژوارنیەبەئەندازەی ئەو ڕێکەوتنانەی گروپێک لەگەڵ گروپێکی تردا دەیکەن لەپێناو ئامانج و بەرژەوەندیەکانیان و زۆرجاریش ئەو ڕێکەوتنانە ڕۆ دەچێتەناو کۆمەڵەو پارتەسیاسیەکانەوە.

لێرەدا پێویستەئاماژەبە دووجۆری سەرەکی لە گەندەڵی بدەین :

گەندەڵی بچوکMinor Corruption : ئەو بەرەیەدەگرێتەوەلەفەرمانبەرانی پلەنزم کەلەپێناو جێبەجێکردنی کارێکدا بڕێک پارە{ یان سودمەند دەبن } وەردەگرن .

گەندەڵی گەورەGross Corruption : بەرەی لێپرسراوەگەورەکان دەگرێتەوەکەکارناکەن لەپێناو بڕێکی کەم پارەدا بەڵکو ئامانجیان دەستکەوتنی گەورەترین دەستکەوت وبەرژەوەندیە.

بەشێوەکی گشتی دەتوانین چەندین وێنەو جۆرێکی تر لەگەندەڵی دەستنیشان بکەین وەک:

1- بەکارهێنانی پلەوپایەی گشتی لەلایەن کەسانی جێبەجێکارەوەوەک {وەزیر، جێگری وەزیر، موستەشار...هتد } تالەو ڕێگەیەوەبتوانرێت پرۆژەخزمەتگوزاریەکان بداتەکەسانێک کەشایەنی وەرگرتنی ئەو کارەنین .
2- نائامادەبوونی نەزاهەت و شەفافیەت لەکارەکانی حکومەتدا، بەخشینی پرۆژەحکومیەکان بەکەسانێک پەیوەندیدارن بەخودی لێپرسراوەکانەوە،ئەمەش وادەکات کەڕێی پێشبڕکێ لەسەر باشترین جۆری کار وجودی نەبێت و فرسەتی کاریش بۆ کۆمەڵگەکەم بێتەوە.
3- دامەزراندنی کەسانێک لەلایەن لێپرسراوەوەکەسەر بەناسیاوی و خزمایەتی یان سیاسی بێت و ئامانجیش لەمەبەهێزکردنی دەسەڵاتی خۆیەتی کەلەسەر حسابی کەسانێکی بەتواناو بەئەزمون دەکەوێت. یاخود هەندێک لێپرساو هەڵدەستێت بەدابەشکردنی یارمەتی و بڕێک پارەی دەوڵەت بۆ ئەو ناوچەیەی کەخۆی سەربەوێیەدەگەڕێتەوەبۆ هۆزو عەشرەت یان پارتێکی سیاسی.
4- هەوڵدان بۆ سوککردن یان لابردنی باج لەو کۆمپانیاوکارگانەی کەسەر بەکەس و لایەنێکن بەرانبەر ڕازیکردنیان بۆ گۆڕینەوەی کارێکی تر کەئەم پێویستی پێی بێت .
5- بەکارهێنانی دەسەڵاتی گشتی لەپێناو بەرژەوەندی سیاسیدا وەک تەزویرکردنی هەڵبژاردن و کڕینی دەنگی دەنگدەر یان تەمویلکردنی بانگەشەی ایاسایی هەڵبژاردن کەکاریگەری دەبێت لەسەر بڕیاری دادگا.

## کەڵەکەبوونی گەندەڵی وئەنجامەکانی

کاتێک گەندەڵی وەک دیاردە بڵاوبوەوەلەژیانی سیاسی و ئابوری وکۆمەڵایەتیدا ،ئیدی ئەو کاتەئەنجامی خراپتردروست دەکات بەتایبەت :

1- لەڕوی کۆمەڵایەتیەوە: بەهاکانی ئەخلاقی ڕۆ دەچن و لاموبالات بەشێوەیەکی نەگەتیفانەبڵاودەبێتەوەبەناو تاکی کۆمەڵگەدا ،ئەمەش وادەکات توندوتیژی و لادان وتاوان بڵاوبیتەوەوەک وەڵامێک بۆ دارمانی بەهاکانی مرۆڤ.جگەلەوەی نرخی پیشەوکار هیچ بەهایەکی نامێنێت و بەپێی پێویست ئەرکی وەزیفی وچاودێری بەرەو لاوازبوون دەجێت.
هەستکردن بەزوڵم لای زۆربەی خەڵکی دروست دەبێت ، رق و هەژاری و پەراوێزخستن بەشێوەیەکی دیار دەردەکەوێت و بڵاودەبێتەوەبەتایبەت گەنجان و ژن و منداڵ بەشی زۆری ئەم بەرهەمەدەدورنەوە.
2- لەڕوی گەشەسەندنی ئابوریەوە: گەندەڵی ئەنجامی زۆر خراپ دروستدەکات لەسەر گەشەسەندنی ئابوری وەک :
   أ- سەرنەکەوتن لەهێنانی بەرهەمهێنەرانی دەرەوەبۆ ناوەوە: بردنەدەرەوەی سەرمایەی ناوخۆ ،چونکەگەندەڵی دژی یان پێچەوانەی دروستکردنی پێگەیەکی بەرابەرکێ بیەکەببێتەهۆی ڕاکێشانی هەردوو بەرهەمهێنەرانی دەرەوەو ناوەوە بۆ مونافەسەکردن ، ئەم فاکتەرەشەدەبێتەهۆی کەمبونەوەی فرسەتی کارو بێکاری و هەژاری .
   ب- بەفیڕۆدانی سامانی نەتەوایەتی وتێکەڵکردنی ئەوسامانەبەپرۆژەی تایبەتی کەداهاتی گشتی دادەرمێنێ.
   ت- لەبەر ناونەزراندنی رژێمی دەسەڵات کەلەسەر حوکمەداوای هیچ یارمەتیەک لەدەرەوەناکات ، داوا نەکردنی یارمەتی دەرەکی پاڵپشتێکی بەهێزەبۆ بەردەوام بوونی گەندەڵی.
   ث- کۆچ و ڕەوی کەسانی بەتواناو شارەزا لەبەر نەخوێندنەوەو پێ نەزانینی توانایان و پەراوێزخستنیان یان تێکەڵکردنیان بەچین و توێژێک کەدورەلەکاری پیشەییانەوە.

3- کاریگەری گەندەڵی لەسەر دەسەڵاتی سیاسی: کاریگەریەکی نەگەتیفانەی هەیەچ لەڕوی شەرعیەتدان بەبەردەوامی کارودەسەڵاتەکەی چ لەڕوی ناوو ڕاگیرکردنی هاوسەنگی وەک :

أ- كاریگەری دروست دەكات لەسەر دواكەوتنی پراكتیزەكردنی دیموكراسی، بێ ڕێزی نواندن بەرانبەر بەجەماوەر ،لەپێشیانەوەنایەكسانی بوونی تاكی كۆمەڵ و پێشێلكردنی ئازادیەكانی ڕاگەیاندن .

ب- گەندەڵی كارێك دەكات زۆرجار بڕیارەچارەنوس سازەكانیش بەپێی بەرژەوەندیەشەخسیەكان لێكبدرێتەوەو كاری لەسەر بكرێت بێ ئەوەی بەرژەوەندی گشتی ڕەچاوبكرێت.

ت- ململانێ و كێشمەكێشی گەورەدروست دەبێت كاتێك بەرژەوەندیەكانی نێوان گروپەكان تێك بچێت و كێشەی تێبكەوێت.

ث- دروستبوونی كەشێكی دووڕویی لەئەنجامی كڕینی دەنگەوەبۆ هەڵبژاردن و بەردەوام بونی كەسەسیاسیەكان و مانەوەیان لەسەر كورسی دەسەڵات .

ج- بێهێزكردن و لاوازكردنی دەزگاو ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی وهەوڵدانی بەردەوام بۆ بەهێزكردنی دەزگا تەقلیدیەكان و مانەوەیان كەئەمەش ژیانی دیموكراسی سنوردار دەكات.

ح- گەندەڵی ڕەوشت و ناوی ڕژێمی سیاسی سوك دەكات لەگەڵ وولاتانی دەرەوەدا و بەهیچ جۆرێك ناتوانێت پەیوەندیەكانی گرێ بدات لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا تەنانەت لەڕوی یارمەتیدانیشەوە چونكەیەكێك لەپرەنسیپەكانی یارمەتیدان و هاریكاریكردن كاری ڕیفۆرم و چاكسازیەكەپێشتر دەبێت پێی هەڵسابێت.

خ- كەمبوونەوەی بەشداریكردنی كاری سیاسی لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا كەلەئەنجامی نەبونی باوەڕ بەخۆو نەبونی دەزگای چاودێریەوەیە هەوڵ دەدات بەشداریەكانی سنوردار بكات...

## كۆتایی بەشی یەكەم